محمد عبد الجبار سالەیی

شتێکی زۆر سەیرو چاوەڕێ نەکراو لە ڕۆشنبیرو هونەرمەندە هونەر دۆستانی جیهان کە ناوی وێنە کێشی هۆڵەندی «ڤینسێنت ڤان گوخ» یان نەبیستبێ‌و هیچی لە بارەوە نەزانن ؟

دەشێت ناوبانگی هونەرمەند « ڤان گوخ » وەکو ئەفسانەیەکی هونەری هاوچەرخ‌و هونەرمەندی ڕەسەن ناخۆشی ژیانی کورتی‌و ئەو کۆمەڵە نامانە بێت کە بۆ « تیۆ » ی برا بچوکی ڕەوانە دەکرد ، کە خۆیان لە پێنج سەد نامە یەك دەدەن . چونکە جگە لە وێنەکێشێکی بەسەلیقە نوسەرێکی زۆر بە تواناو کارامەبوو. نامەکانی بە گشتی خەزینەیەکن لە هەستی بەرزی مرۆڤایەتی‌و بیری جوان‌و بە نرخ . ئەمانەو جگە لە تابلۆ نایابەکانی کە ڕێکەیەکی زۆر مرۆڤایەتین لە دەربرین « التعبیر » و بەکار هێنانی بۆیەو پەرەموو چە. هونەرمەند « ڤان گوخ » لە سالی ١٨٣٥ لە گوندی « کرۆت زۆندەرت » ی کەم مالە لە وولاتی هۆلەندە. . و ولاتی « ڤرێمێر » و «ڕامبرانت» لە باوکێکی قەشەی پرۆتستانتی و دایکێکی خانەدانی ژیر هاتۆتە ڕووی جیهان‌وە . « گوخ » هەر لە منداڵی‌یەوە ژیانی دەوروپشتی‌و سروشتی گوندەکەی سەرنجی ڕادەکێشاو لە دوورەوە دەیروانیە ژیانی دانیشتوانی گوندەکەی ، هەمیشە حەزی بەتەنیایی و گۆشەگیری بوو بەدەگمەن هاوبەشی‌ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی‌دەکرد وەیاخود لەگەڵ تێبۆر«تیۆ»ی برا بچوکی‌هەڵدەستاو باسی کەساسی‌و ئازارو ئەشکەنجەکانی خۆی بۆ دەکردو ئاواتەکانی خۆی بۆ دەووت . « ڤان گوخ » پاش خوێندنێکی کورت لە سالی ١٨٦٩ لە تەمەنی شازدە ساڵیدا چووە شاری « لاهای » بۆ کارکردن لە کۆگایەکی بازرگانی تایبەت بە فرۆشتنی تابلۆو پاشماوەی هونەری‌ی . پاشان بۆ لقەکانی هەمان کوگا نێردرا بۆ شاری برۆکسۆل‌و لەندەن . لە سایەی ئەم کارانەدا « گوخ » وەك هەلێکی ڕەخساو بە پەرۆشەوە کتێبە هونەری یەکانی دەخواستەو دە خوێندنەوە مێشکی خۆی پێ زاخاو دەدا . زۆر جاریش هام‌و شۆی پێشانگاو مۆزەخانەکانی دەکردو سات‌و دووسات لە تابلۆکانی « رامبرانت » و « فرانسوا مێللیە » ورد دەبووەوەو دیقەتی دەدان ، وەلە دوایشدا هەر بە مامۆستاو ڕابەری ڕاستەقینەیی خۆی دادەنان .

« ڤان گوخ » پاش وازهێنانی لە پیشەی مامۆستایی‌و وانە ووتنەوە لە شاری « ڕامسکێت » ی ئینکلیزی بڕیاری دا ببێتە قەشەو ڕێی باوکی بگرێت‌و هەژارەکان بلاوێنێتەوە و ئارامی و دلنیایی‌یان پێ ببەخشێت کە ئەوەش ئاواتی کۆن‌و هەمیشەیی خێزانەکەی بوو چونکە لەو سەردەمەدا هەستی ئاینی زۆر بلاوببووەوەو تەشەنەی سەند بوو . ڕەنگە هۆی ئەوەش هەژاری بارو زرووفی ئابووری ئەو ناوچانە بێت کە تێ‌ی‌دا قەشەو وەعز دادەر بوە . هەر وەکو لە شاری بۆریناجی بەلچیکی لە نێوان کرێکارانی ژێر زەوێ ئەو شارە دەبینین وەك ئاین پەروەرێك‌و خاوەن ویژدانێك بە هانای ئەوانەوە هاتووەو بە دەمی برسی‌و لاکەو تەکانیانەوە چووەو موچەو کەل‌و پەلەکانی بۆ تەرخا ن‌کردوون . هەر لەبەر ئەم هۆیانەش بوو لە پایەکەی خۆی دەرکرا بەو بیانوەی کە ئاینی مەسیحی ئاینێکی بێ‌گەردە دەبێت پیاوی پاك‌و پۆشتە هاتوو چۆی کلێساو جێگە ئاینیە پیرۆزەکانی بکات نەك ئەو رووتەلانە چونکە شایستەی ئەوەنین . لەدوایشدا «گوخ» ژیانی برسیەکانی ئەو شارە لە تابلۆی « بیرەوەریەکانی باشوور » وەکو بابەتێکی ڕەسەن لە بۆیەی تەلخ‌و تاریك دەربڕی .

« لەگەڵ ئەوەشدا توانای هیچ شتێکم نی‌یە هەست بە بوونی خۆم دەکەم‌و ئەتوانم ببمە مرۆڤێکی دی‌کە ... بەلام چۆن وە بۆکێ ئەتوانم بەسوود بم‌و خزمەت بکەم » « ڤان گوخ » زۆر کات ئەم ڕستانەی دووبارە دەکردەوەو باسی بێ‌توانایی‌و سەرنەکەوتوویی خۆی دەکرد . لەبەرئەوەی هەرچی کارێك‌و ئیشێکی دەکرد رەزامەندی خۆی تیا بەدی نەدەکرد . زۆربەی ئەم هۆیانەو گەلێکی ناڕاستەو خۆی تریش هاندەری ڕاستەقینەو تەواوتی « گوخ » بوون بۆ ڕوون کردنەوە

هونەری وێنەکێشان لە تەمەنی بیست‌وحەوت‌ساڵیدا، بە مەبەستی توانەوەو ئاگادار بوون لە ژیانی خەڵك‌و هاوبەشی کردنی ئازارەکانیان لە ڕێی هونەرەوە نەك ئایین . وە هەروەها دەربڕینی بیرە حەشار دراوەکانی مێشکی‌و حەسانەوەی دەروونی خۆی. جا هەر بۆیەش تابلۆکانی وەکو ئاوتنەیەك دەخستە کار بۆ ڕەنگ دانەوەی ژیانی ڕاستەقینەیی پڕ لە ئەشکەنجەو مەینەتی هەژارەکان . هەر وەکو دەبینین خۆی لە

دوانامەی‌دا دەڵێت : « تابلۆکانم بەر هەمی قوربانی‌دانن لە ژیاندا چونکە نیوەی ئەقلم بۆ سەرف کردووون » . بەڕاستی وێنەکێشان تەنها پیشەیەك بوو بۆ «گوخ» کە تیایدا تامەزرۆیی خۆی پێ‌دەردەکردو ویژدانی خۆی پێ دەحەساندەوەو مایە دڵنیایی‌و چێژ لێ وەرگرتنی بوو . بەڕادەیەکی وا لە بەیانی زووەوە تاکو نیوە شەو وێنەی جوتیارو دار بڕو شوانەکانی گوندەکەی دەکرد پاشانیش‌دەیکوا ستنەوە سەر تابلۆ تەنانەت لەڕۆژێکدا زیاد لە تابلۆیەك کاری دەکرد وەکو تابلۆی (جۆلا) و (جوتیارو کێڵەگەکەی) و (دەغلی‌گەنم) و گەلێکی تریش لەو بابەتانە . تابلۆی « پەتاتە خۆرەکان » بە یەکێك لە جوانترین و ناو بانگترین بەر هەمە هونەریەکانی دادەنرێت کە تیایدا خێزانێکی جوتیار دەستیان ناوەتە خوانی پە تاتەوەو بەری ماندوو بوون‌و ئارەق ڕشتنی خۆیان لە پە تاتە دەخۆن کەبەڕێکەیەکی زۆر سەر بەرزانە بە دەستیان هێناوە هەروەك «گوخ» خۆی دەیگوت . ماوە ژیانی هونەرمەند لەفەرەنسادا کە دوو ساڵ بوو « ١٨٨٦ - ١٨٨٨ » بەگرنگترین قۆناغی ژیانی هونەری‌ی دادەنرێت کە تیایدا زرنگی‌و بلیمەتیەکەی نشوونمای کردو پەرەی سەندو ڕووبەڕووی قوتابخانەی کارتێکراوی « التاثیریە ، الانطباعیە ، اکسپرشنزم » بوەوەو بێ سێ‌و دوو لەگەڵ هونەر مەندانی ئەو قوتابخانەیە ڕێکەوت . لە پێشاندا بەڕێبازێکی زۆر هەڵچوانەو دواکەوتوویی لەژێر کاریگەری قوتابخانەی هۆڵەندی‌و هونەرمدانی پێشووی هۆڵەندە کاری دەکرد بە پێچەوانەی ئەم قۆناغە کە بە ووشکی هێمن دەناسرێت ئەمەش لەکارێکەری هونەرمەندە ڕۆشنبیرو قوتابخانە جۆراو جۆرە هونەریەکانی فەرەنسی دەزانرێت . هەروەها نەخش‌و نیگاری ژاپۆنیەکانیش جۆرە لایەنگیریەك‌و ڕێبازێکی هوونەری‌ی لە بیری کۆمەڵایەتی‌و دۆزینەوەی بۆیەی تەنك‌و کاڵ پێ‌بەخشی .

«گوخ» تەنانەت پاش دوور کەوتنەوەش لە هۆڵەندە برسیەکانی وولاتەکەی لەیاد نەدەکرد وەهیج کاتێکیش‌پەیڕەوی ڕێبازی ئەکادیمیایی نەدەکردو هەتا مردیش بە «ڤینسێنتی هۆڵەندی» مایەوەو کاریگەری سروشتی هۆڵەندی‌و کەلەپووری نەتەوایەتی زۆربەی تابلۆکانی گرتۆتەوە . هونەرمەند « ڤان گوخ » بۆ بابەتەکانی بێ پەروا لە ڕەنگە تیژەکان دەگەرا بە تایبەتی ڕەنگی زەردو شین لەبەر ئەوە زۆر جار وێنەی گوڵە بەرۆژەی دەکێشا یاخود بە شێوەی هێڵ هێڵ لە دەم‌و چاوی مۆدیلەکانی‌دا بەکاری دەهێنا کە ئەمەش هەڵچووی‌و بڵاوی‌و لێك بچراوی دەروونی خۆیمان بۆ ڕوون دەکاتەوە ، یان هەروەك خۆی دەیگوت « زۆربەی پەتاتە خواردن ئەو ڕەنگە زەعفەرانیەی بە دەم چاوی هەژارەکان بەخشیوە نەك من » . دەبێ ئەوە بزانین کە تیشکی بەتینی ڕۆژ تەنها هیوای هونەرمەند بوو چونکە هەردەم دوباتی دەکردەوەو دەیگوت « من عەودالی تیشکی خۆرێکم کە هەموو بەشێك لە گیانم بسوتێنێت تەنها ئارەزووی وێنە کێشانم نەبێت » . بۆ ئەم مەبەستە لە ساڵی ١٨٨٨ دا لەسەر ڕێنمایی هونەرمەند « تۆلۆز لۆتریك » ی هاوڕێی خۆی گەیاندە شاری (ئاڕل) کە دەکەوێتە باشووری فەرەنسە لەسەر کەناری دەریای سپی ناوەڕاست . گوخ گەشە هونەری‌یەکەی لە شاری (ئاڕل) کۆتایی پێ‌هات‌و تەواو بوو لە هونەرمەندێکی سەرەتایی‌وە توانی بگاتە لوتکە . ئیتر پەرە موچەکانی بە ئارەزووی خۆی هەڵدە سوڕان بە ئاسانی کاری پێ دەکردن بەبێ هیچ ئاڵۆزیەك‌و وەستانێك ، لە چەند ساتێکی کەمدا تابلۆیەکی بەپێزی دەهێنایە کایەوە (ڕۆلانی پۆستەچی) و (چایخانەیەك لە شەودا) و (ئافرەتێك لە ئاڕل) و چەند دانەیەکی تریش لە تابلۆ نایابەکانی ئەم شارەن .

« تابلۆکانم دەنگی هاوارێکی ناسۆری‌یەو لە ناخی دەروونمەوە دەردەچێت » بەم‌ڕستە کورت‌و پڕ مانایە هونەرمەند « ڤان گوخ » وەسفی بابەتی تابلۆکانی دەداتەوەو بۆمانی دەردەخات تا چ مەودایەك لە دەربڕینی مرۆڤایەتی بۆ بزواندنی سۆزو ویژدانی تەماشاکەران سەرکەوتوو بوەو چۆن ژیانێکی تراژیدیایی لە چوار چێوەی تابلۆیەکدا پێشان داوەو دەری بڕیوە . ئێمە لە لای خۆمانەوە دەتوانین ئەم

بابەتانە بە شۆڕشێك و خاوەنەکەی بە شۆڕشگێڕێك بدەینە قەڵەم چونکە ڕەسم کردنی ئەو جۆرە بابەتانە شوورەیی و ئابڕوو چونێکی بێ وێنەبوو لەلای هونەرمەندە کلاسیکی یەکان .

هونەرمەند « ڤان گوخ » هەمیشەبەیەکێك لە ڕابەرو ماموستاکانی قوتابخانەی دەربرین « التعبیریە » لە هونەری تازەدا هەر چەندە هەندێك لە ڕەخنەگرانی هونەری ی سەرپێچی ئەم قسەیە دەکەن بەڵام ئەوە ڕاستی یەکەو ناتوانرێ پێشێك بکرێت کە تاقە وێنەکێشێکە دیمەنەکانی ژیانی بە جوانترین مانای کومەڵایەتی و مرۆڤایەتی دەر بریوەو گیانێکی زیندووی خستۆتە بەری بابەتەکانیەوە . بە جۆرە هەستێکی وا وێنەی جووتێ پێڵاو دەکێشێت کە هەر دەڵێیت دوو هاورێی گیانی بەگیانی یەکترن ، یان ئەو گولەگەنم و دارسنەو بەرانەی کە لەسەر تابلۆکانی دەشنێنەوەو بەم لاو ئەولادا دێن . بۆ نموونە پێ یەکانی (کورسی)یە بەناوبانگەکەی دەتوانین بە دوو پێ ی وەستاوی مرۆڤی بێنینە پێش چاو . ئەگەر بەم جۆرە بچینە خەیاڵەوەو پارچەی نێو تابلۆکانی بشوبهێنین ڕەنگە پەتاتەکانی بە بەچکە پشیلەو قەدی دارەکان بە پاڵی مرۆڤ و پەنجەرەی ماڵەکانیشی بە چاو لێك بدەینەوە . ئەمانە هیچی شتێکی گاڵتە بابەت و کاریکاتێر نین بەڵکو هەر یەکێکیان بە شێکن لە نەفسیەتی « گوخ » خۆی کە بە چڕی یەکی زۆر خۆیان دەنوێنن . ئەم چڕی و ئاڵۆزی یە لە هەستی قوڵی و سۆزی بە تینی و کەسایەتی شکاوی وەکو خۆی هەستی دەکرد ـ دەدوێن ، تابلۆکانی ساڵانی دوایی ژیانی ڕاستی ئەم قسانەمان دەسەلمێنن ، چوونکە بە جۆرە تیژی و گەرمیەك دەردەکەون بەتایبەتی دارو دموەنەکانی کەهەر دەڵی ی دەسوتێن و گڕی بڵێسەیان بەئاسماندادەچێت. بەگشتی دەساڵ ماوەیەکی زۆر کورتە بۆ بەرهەم هێنانی ئەو تابلۆ بە پێزانە کەشان لەشانی شاکارە مەزنەکانی مێژووی هونەر دەدەن بۆ پیاوێکی سەرەتایی وەك «گوخ» . هەرچەندە بەلێهاتووی و زرنگی خۆی هونەرەکەی لە چرۆیەکی سیس و لاوازەوە گەیاندە کولێکی گەش لەسایەی کێشەو زۆرانبازیەکی بێشوومار و درێژ لەگەڵ سەرکەوتن و کە اوتکە وەکو دەبینین توانی سەرکەوتن و زاڵ بوونی خۆی بە هەموو جیهان ڕابگەیەنێت بەرامبەر بە قوربانی دان و نشوستیەکی زۆر لە ژیاندا . «گوخ» هەروەکو زانیمان لە میانەی تەمەنی کورتی دا گەلێك ناخۆشی و برسێتی و کارەساتی جەرگ بڕی بینیوەو چەند جار بە برسێتی و گیرفان بەتاڵی هەڵی کردوە بەچەشنێکی وا لەبەر نە بوونی ی کەوچك بەفلچەکانی نانی دەخوارد .

سەر باری هەموو ئەمانە نەخۆشی «فێ» کە کردبویە جێ ی گومانی هاورێکانی و هەمیشە چاوەڕێ ی هەڵچونێکی ترسناکی لێ دەکرا . چونکە جارێکیان گەیاندیە ئەوەی تاکێك لەگوێچکەی خۆی ببڕێت و بیکاتە خەڵاتی ژنێك لە قاوغە شقارتەیەکدا لە جیاتی قەرزێکی کۆن بە هیوای چاك بونەوەو ڕزگار بوون لەو دەردە پیسە دوستی جار چوەتە نەخۆشخانەی مێشك « الاعصاب » و چەند مانگ تیای ماوەتەوە . دوا دەرچوونی لەنەخۆشخانەی مێشك وەکو جارانی پێشوو ئاسایی نەبوو بەڵکو بە جۆر هەستێکی تاریك بینانەو لێڵایی سەرچاوەوە دەرچوو . بەو بڕوایەی کە کۆلێکی گرانی سەر شانی کومەلەکەیەتی بەتایبەتی «تێوی» برای چونکە ژیانی ڕۆژانەی بۆ دابین کردبوو وە موچەی بۆ بڕیبوەوە . دەشێت خۆکوشتن باشترین ڕێگەبێت ـ وەکو گوخ خۆی بۆی دەچوو ـ بۆ ڕزگار بوون لەو ژیانە چەپەڵەو کۆتایی بهێنێت بە تاقی کردنەوە سەر نەکەو توەکەی وەکو خۆی دەیگوت. ئیتر بۆ دواجار لە بیست و پێنجی تەممووزی ساڵی ١٨٩٠ لە سەر گردێك تابلۆی « قەلەڕەش و دەغڵی گە نم » دەکێشێت ، دیارە ئەو باڵندە بەشووم و نەگبەتانە لە خۆشی کۆتایی هاتنی ژیانی «گوخ» دەفیڕێنن و ئاسمانی تابلۆ تاریك و تە لخەکەی لێ دەگرن . یەکسەر پاش کۆتایی هاتنی تابلۆکە بە دوو گوللە خۆی پێکاو لە ٢ی تەممووزی ساڵی ١٨٩٠ لەتەمەنی سی و حەوت ساڵێدا لە باوەشی تیۆی برای و نێوان تابلۆو هاوڕێکانی پالی سپارد ئەو گیان ودلەی کە لە ژیانیشدا لەلا ی هەژارەکان بو نەك خۆی

سەرچاوەکان

(١) حول فن الحدیث . نوسین جورج فلانجان .
(٢) حیاة ڤان کوخ (دووبەرگ نوسینی ارفنج ستول
(٣) من رواد الفن الحدیث . نوسینی د. نعیم عطیه